قایمقامی قەزای چەمچەماڵ لەبارەی هەرشەکەی سەر کۆگای غازی کەرەر زانیاری ئاشکرا دەکات

ئەمڕۆ هەینی (26ـی نیسانی 2024) هاوکاری ڕەمەزان، قایمقامی قەزای چەمچەماڵ لەبارەی هەرشەکەی سەر کۆگای غازی کەرەر بۆ میدیاکانی ڕاگەیاند، نزیکەی کاتژمێر 6:45 خولەکی ئێوارە لە ڕۆژی دوێنێوە هەرشکرایە سەر کۆگای غازی کەرەر، هاوکات تا ئێستا زیانێ گیانییەکان پشتڕاست نەکراونەتەوە.

قایمقامی چەمچەماڵ دەڵێت: تا ئێستا تیمەکان لە لێکۆڵینەوەدان بۆ زانینی شوێنی هەڵدانی دروێنەکە و خەملاندنی قەبارەی زیانەکان.

هەرشکردنەسەر کۆگای غازی کەرەر لە کاتێکدایە لە ماوەکانی ڕابردوودا چەندین جار هەرشکراوەتە سەر کۆگای غازیی کەرەر لە سنووری ناحیەی قادر کەرەم لە قەزای چەمچەماڵ، کە بەهۆی هەرشەکانەوە هەناردەکردنی غاز بۆ سەرجەم وەستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا ڕاگیرابوو.